# قەیرانی ئۆپۆزسیۆن بوون لە کوردستاندا.....

## ڕاو سەرنجی هەندێك لە نووسەران و ڕۆشنبیرانی کورد لە ئەورووپا لە مەڕ نەبوونی پارتی ئۆپۆزسیۆن لە کوردستان

**ڕێپۆرتاژێك. ئا. باوکی بەهەند**

**سوید**

## بەشی سێهەم

لە هەموو ولاتێکی دیموکراسیدا بوونی پارتی بەرهەڵستکار, پێویستیەکی گرنگی نێو گۆڕەپانی دونیای سیاسەتە, بوونی ئەم هێزە وادەکات کە دەسەلات زۆر بە وورياييەوە ئیش و کارەکانی نێو دەزگاو موئەسەساتەکان ڕاپەڕێنێت, نەوەك بکەوێتە بەر شالاوی ڕەخنەی حیزبی ئۆپۆزسیۆنەوە, پارتی دەسەلاتداریش هەمیشە لە هەولی ئەوەدایە کە جێ دەست و پەنجەی دیار بێت لە خزمەت کردنی کۆمەلگاکەی, بوونی ئەم هێزە لە قازانجی بەرەی گەل و هەم دەسەلاتیشە, چونکە خزمەتگوزارييەکانی هاولاتیان لەم ڕوانگەوە بەرەو پێش هەنگاو دەنێت و دەسەلاتیش ناکەوێتە بەر شەپۆلی ڕق و تورەیی جەماوەر.

پرسیارەکە لێرەوە دەست پێ دەکات ئایا لەم قۆناغەی ئێستای کوردستان چەندە پارتی ئۆپۆزسیۆن ئەتوانێت ڕۆلی ئیجابی خۆی ببینێت و جەماورو دەزگاو ماس میدیاکان پشت و پەنای ببن؟ ئایا چەندە دەتوانێت برەو بە ئیش و کارەکانی خۆی بدات لە ولاتێك کە دیموکراسی لە قۆناغێکی کۆرپەلەدایەو نەگشتۆتە نێو هەموو کایەو دامودەزگا سیاسسەکان؟

ئایا پارتی دەسەلاتدار تا چەندە هەزمی ڕەخنەو گازندەکانی پارتی ئۆپۆزسیۆن دەکات؟ کە ئێستاش زۆر لە سیاسیەکانی کوردستان بە ئەقلێتی خەباتی شاخ بیردەکەنەوە.

ئایا دروستکردنی لیستی هاوبەش و تەحالوفات نابێتە هۆی ڕێگربوون لە دروست بوونی ئۆپۆزسیۆن لە کوردستان ؟

ئایا گەر پارتی ئۆپۆزسیۆن لە هەناوی کۆمەلگای کوردستان سەری هەلداو کەوتە ڕەخنە گرتن لە کەموو کورییەکانی دەسەلات و ئاشکراکردنی گەندەلییە ئیداریی ودارایيەکان, تا چەندە دەسەلات هێز بەکارناهێنێت دژی ؟ ئایا تا چەندە دەسەلات پەنا نابات بۆ پرۆپاگەندەی ناشارستانی دژی ئۆپۆزسیۆن ؟ ئایا تا چەندە زەمەن و کاتی هەیە بوونی ئۆپۆزسیۆن لە کوردستان؟

کاردانەوەی دەسەلات بە شێوەیەکی سلبی و نایاسایی دژی خۆپیشاندانەکانی کەلارو ئاکرێ و هەلەبجە و هەروەها سوتاندنی بنکەو بارەگاکانی یەکگرتووی ئیسلامی لە دەڤەری بادینان, ئاشکرای کرد کە دەسەلات زۆری ماوە ئەزموونی دیموکراسی بە شێوەیەکی پۆزەتیڤانە پییادە بکات و ڕازی بێت کەس باسی گەندەلی و ناتەواوییەکانی دەسەلات بکات, لەم ڕوانگەشەوە بۆمان دەردەکەوێت کە هەبوونی پارتی بەرهەلستکار زۆر سەختە سەرکەوتوو بێت لە کۆمەلگای کوردستان.

لە ولاتی هۆلەند نووسەر " فاتمە عومەر ڕێشاوی " وتی : ئۆپۆزسیۆن پێش ئەوەی پارت یان گروپ یان کەسایەتی بێ , ئەقلییەت و هەستە, ئەو ئەقلێت و هەستەی ڕووداو دیاردەکان دەداتە بەر تیشکی زانست و لێکۆلینەوە, ئەوجا بڕیاری خۆی لەسەر دەرکا, واتە توانای – بەرهەلستیکردن- پەیوەندیەکی بەهێز هەیە بە کەلتورو ڕادەی ڕۆشنبیری تاکەکانی کۆمەلگەوە, لە هەگبەی کەلتووری ئێمەدا- بەرهەلەستی کردن – نیە چونکە پرسیارکردن و لێپرسینەوە بەرامبەر هەر شتێك ئەنجامەکەی تۆمەتبارکردنە بە کافرو گومڕا یان خیانەتکار و فریودراو.

نموونەی لێدانەکەی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان شایەتی حالە, هەرچەند جیابوونەوەی یەکگرتوو لەو کاتەدا بڕیارێکی دروست نەبوو, بەلام ئەو هەموو بوختان و تۆمەتانەش کە درایە پال یەکگرتوو بەلگەیە لەسەر قبول نەکردنی بەرهەلستکاری.

موعارزە لە پێناوی چیداو ؟ دەبێ چۆن بێ ؟

دەسەلاتیش و موعارەزەش دەبێ لە پێناوی مرۆڤدا بن, هەتا ئێستەش ئێمە قوربانی کەلتوورو ئایدۆلۆژیا جیاوازەکانی خۆمانین , هەموو گروپ و پارتەکان مرۆڤەکان دەکەنە قوربانی دەسەلات و بەرژەوەندی پارت, کەواتە بۆ دروست بوونی موعارەزەیەکی چالاك پێویستمان بە گۆڕانێکی هەمە چەشن و هەمە لایەن دەبێ ,

ئەوەی دەسەڵاتدارەو ئەوەشی  کە موعارەزەیە لە بەرامبەر ڕووداوەکاندا یە دیدو ڕوانگەیان هەیە – دەستی دەرەوە – دوژمنی کورد – ئەمریکا – تەماعەکانی دەرەوە, ئەم جۆرە دیدە بۆ خوێندنەوە ڕێگە نادەن  موعارەزەی چالاک دروست ببێ , چونکە ماهیەتی دەسەڵاتدارو موعارەزە لە ناوەڕۆکدا جیاواز نین, هەردوولا گرفتەکان لە ناخ و دەروون و مێژوی خویدا نابیننەوە, هیچ پارت و گروپێك دروت نەبوە  کە کۆمەڵگەو جەماوەر فێری بەخۆداچوونەوە بکات و هەستی بەرپرسیارێتیان تێدا دروست بکات.

ئەوەی زیاتر لە کوردستاندا دەبینرێ پارتەکان لە ئاستی سەرکردایەتی و لە میدیاکانەوە هەر بە باڵای یەکتردا هەڵدەدەن و یەکتر ڕازی ئەکەن, وەمەش پێی ناوترێ موعارەزەو کاری چاودێری و هەڵسەنگاندنی دەسەلات.لەم قۆناغەدا دیموکراسی باڵشکاوەو لاوازی دەزگاو دامەزراوە مەدەنی و حکومییەکاندا و ناهۆشیاری جەماوەرو کادیرانی پارتەکان ئەوەی لێدەکەوێتەوە هیچ پارتێك لەو پارتە  بچوکانە نەتوانێ ڕۆڵی موعارەزە ببینێت, بۆیە منیش دەنگی خۆم دەخەمە پاڵ دەنگی ئەو کەسانەی کە پێیان وایە دەبیچ موعارەزە یەکێك لەو دوو پارتە گەورەیە بێ, پارتی یان یەکێتی, واتە یەکێك لەو پارتانە زاڵ بێت   بەسەر حەزو غەریزەی دەسەلاتی فەرمانڕەوایەتی, ئەوەش لە پێناوی ڕاگرتنی هاوسەنگی لە نێوان دەسەلاتێکی نیمچە دیموکراسی و جەماوەرێکی ناهۆشیار,

پارتی و یەکێتی هەمیشە باس لە قوربانی و تێکۆشانیان دەکەن کە گوایە بۆ کورد دەتوێنەوە, ئەگەر ئەوان ئەوەندە دڵسۆزن و  ئەوەندە تێدەکۆشن , با بیسەلمێنن کە ئەوان کوردو نیشتمانی کوردیان لەلا لە پێشترە لە چاو بەرژەوەندی تەسکی پارتایەتی و پلەو پایەی دەسەلات, لە ڕاستیدا ئەوەش دەبێ لە ناو خودی هەردوو پارتەکەدا   ئەو ئامادەییە دروست ببێ و لایەنگران و هەوادارانی خۆیان  داوا بکەن کە پێویستە  ئێمە وەك پارتی یان یەکێتی یەکێکمان ببێتە موعارەزەی ئەویتر, ئەوان نابێ بە پارتە بچوك و بێدەسەلاتەکان بڵێن ئێوە موعارەزە بن, ئەمە ڕاکردنە لەبەرپرسیارێتی, بۆ ئەوەی ترسو بێ متمانەیی پارتە بچوکەکان و جەماوەریش بسڕنەوە دەبێ گەمەی دیموکراسی قبوڵ بکەن, نەك ئەوان وەك پارتی و یەکێتی بێن و یەکبگرن و میراتی ئەم گەلە لە نێوان خۆیاندا دابەش بکەن, چونکە ئەو یەکگرتنە وەك یەکگرتنی دووبرا وایە تا میراتی باوکیان دابەش دەکەن  دوای ئەوە یەکتر ناناسن,

ململانێیەکی چالاك و دروست بەبێ موعارەزەیەکی بەهێز دەبێ, نەك موعارەزەیەکی لاوازو دەسەلاتێکی نیمچە دیموکراسی, دەسەلاتی کوردی لەم قۆناغەدا چەند ئومێدی ئەوەی لێدەکرێ بەرەو دیموکراسی بوون بچێ هێندەش ترسی ئەوەی هەیە کە بەرەو دیکتاتۆری و سەرکوتکردن سەربکێشێ , هۆی سەرەکی ئەوەش نەبوونی موعارەزەیەکی بەهێزە, بەڵام دیارە تەنها – هێزیش بەس نیە, بەڵکو دەبێ ئەو پارتە گۆڕانێکی باش و بەرچاویش لە ئەقڵێت و رەفتاریدا بهێنێ تا بێتە پارتێك سەرەڕای بەهێزی – ئەقڵ و بە ویژدانیش بێ , دەبێ  جەماوەرو  پارتەکانیش ئەوە  لە مێشکیاندا بسڕنەوە کە مادام دیکتاتۆرێکی وەك سەدام نەما , ئیتر کورد ڕزگاری بووە, نەخێر هەموو  مرۆڤێك یان پارتێك هێندەی بۆی هەیە ببێتە دایکە ترێزا هێندەش بۆ هەیە ببێتە وەحشێکی وەك سەدام و هیتلەر.

من دەسەڵاتی کوردی وەك کەسێك دەبینم کە لە شوێنێکەوە بەربووبێتەوەو لەسەر رۆخی چاڵێك خۆی گرتبێتەوە, ئومێدو رزگاربوونی ئەو کەسە نە لە کەوتنە ناو چاڵەکەو  ترسی کەوتنە ناو چاڵەکە وەك یەکە, واتە ڕزگاربوونی ئەو کەسە بە پەیداکردنی هێزێکە ئەو کەسە بە دیوی پێچەوانەی چالەکە ڕاکێشێ, دەنا  کەوتنە ناو چاڵەکە مسۆگەرە, باسکردن لەم حاڵەتەی کە ئێمەی تێدایە لە ڕووی سۆسیۆلۆژی و دەروونی و شێوەی بیرکردنەوە بەلای منەوە زۆر گرنگترە لە بوون و نەبوونی ئۆپۆزسیۆن, چونکە ئەم سیستەمە کەلتورییە بەبێ گۆڕان هیچ شتێکی تری لەسەر ڕاناگیرێ,  سوتاندنی مۆنۆمێنتی هەڵەبجە لەگەڵ ئەوەشدا کە هەمیشە پێم وابووە پێش دروستکردنی مۆنۆمێنت پێویستە خزمەتی زیندووەکان بکریچ – نیشانەی نەبوونی پێکهاتەیەکی دەروونی و کۆمەڵایەتی دروستە لە چۆنێتی دەربڕینی داواکاریە – رەواکانمان-  و گوزارشکردن بە شێوەیەکی ئاقڵانە لە تورە بوون و نارەزایی بونمان, لەلایەکی تریشەوە خۆ ئامادەکردن بۆ بەکارهێنانی توندوتیژی لە شوێنێکی بریندارو بێ خزمەتی وەك هەڵەبجە لە خۆپیشاندانێکی وا سادەو ببێتە هۆی گیان لە دەستدانی مرۆڤێك و بریندابوونی چەندین کەس و بەندکردن و ئەشکەنجەدانی چەندانی تر, شەرمەزاریە بۆ دەسەلات و دەبێ زۆر بە توندی بە خۆیدا بچێتەوە.

لە وڵاتی سویدیش  " وەهاب شا محەمەد " ئەندامی  نووسەرانی  دەنگی سەربەخۆ  بەم شێوەیە ڕای خۆی دەربڕی:  بەداخەوە کوردستان ئەزمونێکی ئەوتۆی لە بوونی پارتی ئۆپۆزسیۆن نیە, پاش ڕاپەڕین و هەڵبژاردنەکان هەوڵێك بۆ ئەم کارە درا بەڵام ئەنجامەکەی زۆر خراپ شکایەوەو شەڕی براکوژی لێکەوتەوە, دیارە ئەو دەمە کۆمەڵگای کوردی و هەموو لایەنە سیاسیەکان هەروەك ئەمرۆ لە ڕووی ڕۆشنبیری سیاسیەوە گەشەیەکی پێویستیان بە خۆوە نەدیبوو, ئەمرۆ پاش تێپەربوونی شانزە ساڵ بەسەر ئەو هەوڵ و ئەزموونە تاڵە, هێشتا باری سیاسی لە کوردستان زەمینەیەکی ئەوتۆی بۆ نەرەخساوە کە پارتی ئۆپۆزسیۆن وەك کۆمەڵگاکانی تری مۆدێرن لە جیهان هەبێت  و کارەکانی خۆی بکات, ئێستاش ترسی ئەوە هەیە کە بوونی پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان بخرێنە خانەی دوژمن و بە چاوێکی گومان و مەترسیەوە تەماشا بکرێن, بۆیە زۆر لە لایەنە سیاسیەکانی کوردستان ئامادە نیین ئەو جۆرە ریسکەیە بکەن و خۆیان بە پارتی ئۆپۆزسیۆن دابنێن.

دیاره نەبوونی لایەنی ئۆپۆزسیۆن لە هەر کۆمەڵگایەك ئیفلیجی و سەقەتی ئەو کۆمەڵگایە لە ڕووی سیستەمە سیاسیەکەوە دەردەخات, پێچەوانەشی تەنها زاڵبوونی پارتە دەسەڵاتدارەکان ئاشکرا دەکات کە بە هیچ جۆرێك ئامادە نین مامەڵە لەگەڵ ئەو هێزو لایەنە سیاسیانەی دەرەوەی دەسەڵات بکەن, هێزی دەسەڵاتدار لە سیستەمی سیاسی پێنەگەیشتوو هەمیشە کار بۆ ناچارکردنی هەموو لایەنەکانی تر دەکات بۆ توانەوەیان لە ناو ئەو بەرنامەو ئایدۆلۆجیاییەی خۆی.

کۆمەڵگای کوردستان ئەمڕۆ شێوەکەی نزیکە لە کۆمەڵگاکانی ساڵانی پەنجاو شەستەکانی وڵاتانی جیهانی سێیەمی تازە ڕزگاربوو لە ژێر دەستی داگیرکەر, ئەو کۆمەڵگانەی کە پرنسیپە دیموکراسی و مەدەنییەکان بوون بە قوربانی بیری ناسیونالیستی وێڵ کە دەسەڵات لە ڕێگای پروپاگەندە بۆ ئەو بیرە ناسیونالیستە دەسەڵاتەکەی بەهێزتر دەکردو هەرچی سەروەت و سامانی وڵات هەیە دەکرا بە قوربانی بەرژەوەندیەکانی چەند کەس و لایەنێك.

بۆیە دەتوانم بڵێم کە هێزی دەسەڵاتدار لە کوردستان ناتوانێت بە ئاسانی هەزمی ڕەخنەکان بکات, بە تایبەت ئەگەر ئەو ڕەخنانە لە لایەنێکی سیاسی ترەوە سەرچاوەی گرتبێت, بۆیە هیچ لایەنێکی سیاسی بچوك ئەمڕۆ لە کوردستان ناوێرێت خۆی لەدەرەوەی دەسەڵاتەکە ببینێت و خۆی بە هێزی ئۆپۆزسیۆن ناوبنێت, لە کۆمەڵگایەك کە باری ئاسایش و سیاسی سەقامگیر بێت زۆر سروشتییە تەحالوفات لە نێوان چەند هێزێکی سیاسی لە پەرلەمان دروست بێت بۆ پێکەوەنانی حکومەت, هەرچی لایەنەکانی ترە وەك ئۆپۆزسیۆن دەمێننەوە لە دەرەوەی حکومەتەکە, لە کوردستان دەتوانین بڵێین زۆربەی هێزە سیاسیەکانی گۆڕەپانی کوردستان لە ناو حکومەتەکەی داهاتوو بەشدارن, لەبەر ئەوە ئەو جۆرە تەحالوفاتە ڕێگا بۆ بوونی ئۆپۆزسیۆن ناهێڵێت و هەمووی لە ژێر چەتری یەك بەرنامە کۆدەکاتەوە, دیارە پاش سەقامگیری باری سیاسی و ئاسایشی عێراق و ناوچەکە زۆر گرنگە کە هێزی ئۆپۆزسیۆن هەبێت, نەبوونی هێزی بەرهەڵستکاری دیسان ئیفلیجی سیستەمە سیاسییەکە دەردەخات و نابێت بێدەنگ ببین لێی, میدیاکان ڕۆڵێکی زۆر گەورەیان لە گۆڕانکاریانەی ئەمڕۆی کوردستان بینییووە, دەتوانم بڵێم کە تەنها هێزێك پاش ئەو گۆڕانکاریانەی ناو عێراق میدیای کوردی بووە کە دەسەڵاتی ناچارکردووە کە چاوێك بە سیاسەت و بەرنامەکانی بهێنێت, ئەگەرچی زۆر جار دەسەڵات خۆی لە ڕەخنەو گازندەکانی میدیا گێل دەکات, نەبوونی میدیای ئازاد لە هەر کۆمەڵگایەك مانای نەبوونی هەموو ئازادییەکانە.

پاشان نووسەری کورد لە وڵاتی سوید " محسن جوامێر " وتی : لە وڵاتێکی دیموکراتدا کە تێیدا گەشەسەندنی هەموو بوارێکی ژیان بخوازرێت, دەبێ فرەڕەنگی و فرەبۆچوونی تێیدا ڕەچاو بکرێت, بگرە دەبێ سەرجەمی کۆمەڵگە ئەم بەرگە لەبەر خۆی بکاو یەك بەرگی و یەك ڕەنگی لە جیاوازی بیروبۆچوون و هەڵسەنگاندندا لەبەر خۆی بکاتەوە, پشتگوێخستنی " ئۆپۆزسیۆن " من بە کارەساتێکی گەورەی تێدەگەم , من دەڵێم دەبێ لە کوردستان بیرۆکەی ئۆپۆزسیۆن بەردەوام پەرەی پێ بدرێ و لەبەرچاو بگیرێ, ئەوە سەرەڕای ئەوەی مافێکی ئینسانییەو سیمای کۆمەڵگەی نووژەنە, هەروەها لە دیکتاتۆرییەتی لایەنە زاڵ و باڵادەستەکان کەم دەکاتەوە, یاخود سنورێکیان بۆ دادەنێ و وەك چاودێرێك لە دەستنیشانکردنی هەڵەکان لە کلاورۆژنەی ڕەخنەوە, ڕۆڵی کاریگەری لە گۆڕانکارییەکاندا دەبێت.

ڕەنگبێ زاتی ئەوە بکەم بڵێم دیموکراتییەت لەلای ئێمە, هێشتا لە قاڵبی عەفەوییەتەو ئەمەش مانای ئەوە نییە نەفی لە هەبوونی بکرێت,

ماوەتەوە بڵێم ئەگەر لە وڵاتێکی وەك سویدا خول و دەورە بۆ چۆن ڕێکوپێکردن و پۆلێنکردنی جزدانی گیرفان بکرێتەوە, بۆ ئەوەی پیاو بەلاش کات بە فیڕۆ نەداو کارت و ناسنامەو پارە تێکەڵ و پێکەڵ نەکات, داخۆ ئێمەی کورد پێویستیمان بە چەند هەزار دەورە هەیە تا بتوانین لە هەموو بوارێکەوە وڵاتمان ڕێك بخەین و لەگەڵ یەکدا هەڵبکەین و مافی هیچ لایەنێك چ وەك تاك و چ وەك کۆمەڵ و چ وەك حیزب نەخورێت. هەر لەم ڕوانگەوە نووسەر" دیار غەریب " لە کوردستانەوە وتی : من پێم وایە ئۆپۆزسیۆن و ئۆپۆزسیۆن بوون پێش هەر شتێك پێداویستی هەیە, ئەگەر ئەو پێداویستیانەی دابینکرا ئەوا تاکێك یاخود پارتێك یان بەرەیەك دەتوانن ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆن ببینن, ئاشکرایە لە ڕابردوودا زەمینەی ئۆپۆزسیۆنی دیموکراتی لە زۆربەی وڵات و هەرێمەکانی جیهاندا نەبووە, هەر بۆیە ئۆپۆزسیۆنی ئیجابی دەرفەتی ژیانی نەبووە , ئەگەر کەسانێك یاخود ڕێکخراویش هەبووبن باوەریان بەم شێوە تێکۆشانە هەبوو بێت ئەوا یان باسیان نەکردووە یاخود ئەگەر باسیشیان کردبێت لە ناو کۆمەڵگادا زۆر گوێیان لێ نەگیراوە و بە ئۆپۆرتۆنیست ناسراون , ئەمەش لە گەڵ خۆی ئۆپۆزسیۆنی ڕووخێنەری دروست کردووە, من ناتوانم گەرەنتی ئەوە بکەم ئەگەر ئۆپۆزسیۆن سەری هەڵدا لە کوردستان , دەسەڵات هێز بەکار ناهێنێت لە بەرامبەری, کاردانەوەکانی دەسەڵات لە بەرامبەر جەماوەری کەلارو ئاکرێ و هەڵەبجەو

سوتاندنی بارەگاکانی یەکگرتوو و ڕێگە نەدان بە پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان کە ئازادانە چالاکی خۆی بەرێوە ببات نمونەی بەرچاون، هەروەها پڕو پاگەندەی ناشارستانی تائێستاش هەیە. لە گەڵ ئەمانەشدا من پێم وایە ئێستا زەمینەی دروستبوونی ئۆپۆزسیۆن لە کوردستاندا ڕەخساوە، ئەوەتا کێشەی سیاسی، ئیداری، ئابوری، کۆمەلأیەتی و خزمەتگوزاری ئەوەندە زۆرە لە باسکردن نایەن و دەسەلأتیش زۆر بێ خەم و بێ بەرپرسیارانە هەڵسو کەوت دەکات لە گەڵ ئەم کێشانەدا، ئەمەش بۆ خۆی پێویستی ئۆپۆزسیۆن دیاریدەکات..

من پێم وایە کە زەمەنی دیموکراتی و پارتی بەر هەڵستکار لە هەموو جێگەیەك قوربانی زۆری بۆدراوە، چۆن هیچ میللەتێك بێ قوربانی

نەیتوانیوەتێکۆشانی نەتەوەیی لە بەرامبەر داگیر کەردا سەر بخات، هاو شێوەی ئەوە تێکۆشانی دیموکراتی پێویستی بە لە خۆ بووردوویی وفیدا کاری هەیە. لە کوردستانیشدا پێویستە ئێمە هەست بەوە بکەین کە هاو شێوەی تێکۆشانی رزگاری نەتەوەیی، خەبات وتێکۆشانی دیموکراتی پێویستە و مەرج نییە ئەو هێز و لایەنانەی کە لە سەردەمی تێکۆشانی رزگاری نەتەوەییدا ڕۆڵیان بینیوە، لە قۆناخی تێکۆشانی دیموکراتیدا هەمان ڕۆڵ ببینن. بۆ ئەمەش پێویستە لەوە زیاتر چاوەڕوانی ئەوە نەبین کە هێزەکانی دەسەلأت زەمینەی دیموکراتیمان بۆ برەخسێنن. هەڵوێستی ئەم هێزانەش بەرامبەر ڕاپەرینەکانی جەماوەر و دەنگە جیاوازەکان ئەوە نیشان دەدات کە ئەوان بۆ خۆیان ئامادە نین کە گۆرانی دیموکراتی ئەنجام بدەن. بەڵکو پێویستە ناچار بکرێن. بۆ ئەمەش پێویستە ئەوانەی دەخوازن ببنە بەرەی ئۆپۆزسیۆن زۆر هۆشیارانە هەڵس و کەوت بکەن. هەتا چالاکییەکان بە ئاراستەی نێگە تیڤدا نەبرێن.لە کۆتاییدا دمەوێت ئەوە بڵێم کە پاراستن و بەرەو پێشەوە بردنی دەسکەوتەکانی گەل و چەسپاندنی مافەکانی گەلەکەمان بە ندە بە بەرقەرار کردنی زەمینەیەك کە جێگەی دەسەلأت و ئۆپۆزسیۆنی دیمکراتی تێدا ببێتەوە و ئەم زەمینەیەش بەندە بە تێکۆشانی دیموکراتخوازانەوە.

بۆ زیاتر تیشك خستنە سەر ئەم باسە پارێزەر " **ڕەفعەت هەڵەبجەیی** " لە وڵاتی سوید وتی : کۆمەڵگای کوردی ئەمڕۆ لە هەموو کاتێك زیاتر پێویستی بە ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانی هەیە, بەڵام ئۆپۆزسیۆن بوون هەمیشە لە سایەیی سیستەمێکی دیموکراتیدا ئەتوانێت بوونی هەبێت و گەشە بکات, بەڵام بەداخەوە لە کوردستان ئەو دوو حیزبە دەسەڵاتیان قۆرخ کردووەو نەیانهێشتوەو وە لە داهاتووشدا ناهێڵن ئوپۆزسیۆنی ڕاستەقیەنە سەر هەڵ بدات لە کوردستان,

ئەو پارتە کوردییانەی کە ئێستا هەن یان پارتی موالی ( سەر بەدەسەڵات ) ن یاخود حیزبی هاوپەیمانن لەگەڵ دەسەڵات, کە ئەوەش ناتوانرێت ناویان لێ بنرێت ئۆپۆزسیۆن,کاتێك دەسەڵاتی کوردی لە میدیاکاندا بانگەشە بۆ دیموکراتی و مافی مرۆڤ دەکات, تەنها بۆ چەواشەکردنی ڕای جیهانی و کۆمەڵگای کوردییە, ئەگینا ئەگەر سەرنجێکی نزیك بدەین لە خۆپیشاندانەکانی کەلارو ئاکرێ و هەڵەبجە و دهۆك و یان خۆپیشاندانەکەی هەفتەی پێشوی شاری سلێمانی کە پارتی چارەسەر سەرپەرەشتی کردبوو, کە زۆر بێ شەرمانە بلاوەیان پێکردوو چەندین ئەندام لایەنگرانی ئەو پارتەیان چەند رۆژێك لە زیندانە تاریکەکان دەستبەسەر کردبوو, کە ئەمە بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ سیستەمی دیموکراتیدا یەك ناگرێتەوە, وە هەتکردنی بنەماکانێتی, هەروەها تالانکردن و سووتاندنی بارەگاکانی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا, کە چەندین کوژراو بریندای لێکەوتەوە, گەورەترین پەڵەی رەشە بە نێوچاوی دەسەڵاتدارانی کوردستان, کە دەیسەلمێنێت هەرگیز گیانی یەکتر قبولکردن ئامادەیی نیە و وە ڕێگە نادەن بە هیچ پارتێك کە چالاکی و بانگەشەی سیاسیانەی خۆی بکات و رەخنە لە دەسەڵات بگرێت,

یەکێك لە کارە هەرە گرنگەکانی ئۆپۆزسیۆن ئەوەیە کە هەمیشە بتوانێت رەخنە لە کارە دزێوەکانی دەسەڵات بگرێ و داکۆکی لە مافە بنەرەتییەکانی جەماوەر بکات, بەڵام بەداخەوە تاکو ئێستا لە کوردستاندا هیچ حیزبێکی کوردی زۆر بە ئاشکرا پەنجەی نەخستۆتە سەر ئەو هەموو گەندەڵی و فەسادییەی کە لە کوردستاندا هەیە.

لە وڵاتی هۆلەندا نووسەر " **سەردار عەبدالکریم عبدللە** " قوتابی ماستەر لە بواری ڕاگەیاندن وتی " پارتی ئۆپۆزسیۆن ئەتوانی ڕۆڵی زۆر چاک لەفراوانکردنی بنکەی دیموکراتی و هێنانەدی **زەمینەیەك** بۆ ڕا و رای بەرامبەر ببینێ، بەڕای من ئەم ئازادی رادەربڕینەش ، بنەمایەکی سەرەکی دیموکراتیەتە، تۆ کەباسی دیموکراتیەت دەکەیت ، دەبێ بزانی لەو سیستەمەدا هەموو تاکیک وەک یەک مافی گوزارشتکردن و ڕادەربڕینیان هەیە، لێرەوەپیرۆزی و سەروەریەکانی تاکەحیزب، بەهای کەسایەتیەکارێزماییە، ئایینی و سیاسیەکان وەک خۆیان نامێنن و گۆرانیان بەسەردادێ.ئەگەر هاتوو لایەنی ئۆپۆزسیۆن بەو مانایەلەدیموکراتیەت بگا، ئەوەبەتەئکید ئۆپۆزسیۆن دەتوانێ بەشداری لەگەشەپێدانی پرۆسەی دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگا بکات، بەڵام ئەگەر هاتوو لایەنەئۆپۆزسیۆنەکان باوەڕیان بەدەیان خەتی سوور و بەدەیان بەهای تری موقەدەسدار و سەروەری تایبەتی هەبوو، لەرێگای ئەو بەهانانەوەیان ئەو دسپلینانەوە، بێن و رێگا لەرادەربرێن بگرن، ئەوەهیچ جیاوازیەک لەنێوان گروپی دەسەلاتدار و ئۆپۆزسیۆن نامێنێ ، ئەم دیاردەیەش لەکوردستان ، لەو پەڕی چەپ تا ئەو پەڕی راستی سەرجەم حیزبەئۆپۆزسیۆنەکان وەک حیزبەباڵادەستەکان بوونی هەیە، بۆیەدەبێ هەر دوو بەرەی سیاسی بەقناعەتەوەباوەڕ بەپرنسیپەکانی ئازادی رادەربڕین بنێن.

- ڕۆڵی جەماوەر و دەزگا و ماس میدیاکان چۆن ئیجابی دەبێ و پشت و پەنای دیموکراتیخوازان دەبێ ، کاتی ئەوانیش لەسەر بچوکترین ڕەخنەلەبەها عەقیدەیی یان کەسایەتیەکی کاریزمایی سیاسی یان ئەسحابەیەکی کەعبەسوتێنەری وەک حەجاجی کوری یوسفی سەقەفی یان چەپێکی توندڕەو هاتوو قەیسەری لەنووسەر و ڕۆژنامەنووسان کرد بەکونەمشک؟

تا ئەو کاتەی لایەنی ئۆپۆزسیۆن ، زیاتر لەلایەنی دەسەڵاتدارەوەباوەڕ بەڕاو ڕای بەرامبەر دێنێ، ئەوەهیچ لەم دامەزراوانەنابنەهۆکاری کارای گرنگ ، ئەگەر هاتوو ئەم لایەنانەی ئۆپۆزسیۆن لەلایەنەدەسەلاتدارەکان( بەپراکتیکی) باوەڕیان بەبنەماکانی دیموکراتیەت هێنا، ئینجا ڕۆڵی میدیا و ڕاگەیاندن زیاتر دەبێ.
- ئەقلی شاخ لەقۆناغی خۆیدا وەرچەرخانێک بوو لەعەقلی خۆبەدەستەوەدەری جەماوەری شارنشینی دوورەبەلای ، ئیمرۆ ئێمەلەقۆناغی بنیات نانەوەی ولاتێکی کاولکراوین و خۆمان حاکم و بالآدەستین، دیارەعەقلی شاخ بۆ ئیمرۆ کەلکی جارانی نەماوە، بەڵام تا ئێستا موحاربینی قودامەی کورد بۆ ئەوەی پاوانی شادەمارەکانی ژیان بکەن، درێژەبەم عەقلیەتەو بەو مانەوەی ئەو جەماوەرەش دەدەن کەباوەڕیان بەئەقلیەت و سەروەریەکانی شاخە، نەک لەپێناو بەرز ڕاگرتنی بەها و سەروەریەکان ئەم قۆناغە، بەڵکو لەپێناو دەستەمۆکردنی زیاترین جەماوەر. ئەگەر ئەم ڕەوشەتا ئێستا و چەند ساڵێکی تریش کاریگەری بمینی، ئەوەبەتەئکید لەچەند ساڵێکی تر بەهۆی گەشەکردنی تەکنەلۆجیای پەیوەندیکردن و پێگەیشتنی نەوەیەکی تر کەهیچ پەیوەندیەکی روحی بە عەقلیەتی ساخەوە نیە، بێ شک ئەم عەقلیەتەبوونی نامێنێ.
- تەکەتولکردن و پێکەوەدابەزین بەیەک لیست ، لەزۆربەی ولاتانی دیموکراتی جیهان بوونی هەیە، لیستی هاوبەش و تەکەتولاتی هەڵبژاردن لەڕووی یاسا و کاری حیزبایەتی و پرۆسەی دیموکراتیەتەوە، شتێکی ناشەرعی و ناقانوونی نیە، بەلام ئەوەی کوردستان ، بۆ قورغکردن و پاوانکردنی دەسەلاتەکانی سیاسی و ئیداری کوردستانە، بۆیەلایەنەخراپەکەی زیاتر زەق دەبێتەوە. بەرای من دەبووا یەکیتی و پارتی و هەموو حیزبەکان لەسەر ئاستی عیراق بەیەك لیست دابەزیبان و لەسەر ئاستی کوردستان بەچەندین لست، بەڵام دیارەبۆ زرورەت لای ئەم حیزبەکوردستانیانەئەحکامی تایبەتی خۆیان هەیە؟! بەلام ئەمەش بەو مانیەنیەکەلایەنەئۆپۆزسیۆنەکانی کوردستان بەوەرازی بن و دەستەمۆ ببن، بەڵکو دەبێ لایەنی ئۆپۆزسیۆن مل بۆ ئەو خواستەتاکرەویەکانی ئەم دوو حیزبانەکەچ نەکەن ، با ئەوانیش لەجیاتی دەستەوەستان ، ڕەخنەی پاسیف ، بەهەمان سەنگ و تواناوەخۆیان بۆ ئەم جەنگەسازبدەن ، ئەگەر لەم گێمەی یاریەسیاسیەکان نەیان بردەوە، ئەوەلەگێمەکانی تر با براوەبن.
- بەرپەرچدانەوەی هەر خۆپیشاندانێک بەشیوەیەکی توندووتیژ ئامێز یان سوتاندنی بارەگاکانی یەکگرتوو لەدەڤەری بادینان، بەڕای من کارێکی ناڕەوایە، بۆ لەسەر ووشەیەک کەبەیەکی لەسەرکردەکانی ئەم حیزبانەدەوترێ، دەبێ خەڵک بدرێتەداداگا، بەڵام ئەوان دنیا پاوان بکەن ، کەس نەبێ بلێ بەبەر چاوتانەوەدوو برۆتان هەیە؟! بەرای من ئەم جۆرەکارانەلەکەم شارەزایی کادیری ئیداری و سەرکردەی سیاسی حیزبەکانە، لەڕێکخراو و کۆمیتەلۆکالیەکانی حیزب و ئیدارەکانی دەولەتی ، بۆ یەدەبێ چاک بزانین ئێمەی کورد بەهەموو چین و توێژەکانمانەوە، هاوکات لەگەڵ بنیات نانەوەی ولاتەکەمان ئەوەدەبێ عەقل و بیری مرۆڤەکانیشمان بنیات بنێنەوە، ئەگەر هاتبا لەهەڵەبجەبیرو هۆشێ جەماوەری ئەم دەڤەرەبەر لەبیناکان ، بنیات نرابانەوە، ئەوەکارەساتی وا ڕوینەدەدا، ئەگەرچی لەڕاستیدا هۆیەکەدەگەڕیتەوەبۆ ئەو ئەزموونەتاڵەی ئێستا و کۆنی حیزبەدەسەڵاتدارەکان و گەلی کورد ، کەلەگەڵ ولاتانی ئقلیمی و جیهانی ئیسلامی هەیانە، ئەمەش وایکردووەپرنسیپی" تیۆری موئامەرە" لای سەرکردایەتی کوردیش ببێتەدێوەزمەیەک و بەهەمان پێوەری سەرکردەعەرەب و ئیسلامیەکان کاری پێبکەن، ئەم عەقلیەتەلای سەرکردایەتی سیاسی کورد بەهۆی کۆمەڵێ فاکتەرووەهێشتا گۆڕانکاری باشی بەسەر دانەهاتووە، ئەم ڕووداوانەبەڕای من چەندین جاری تریش دووبارەدەبنەوە، تا ئەو کاتەی دامەزراوەمەدەنیەکان و کۆمەڵگایەکی مەدەنی هوشیار لەکوردستان بەتایبەتی و عیراق بەگشتی بەرقەرار دەبێ. چونکەئەقلیەتی پاوانخوازی دەسەلات کاراکتەری سەجەم حیزبەدەسەڵاتدارەکانە، هەتا ئەوانەی لەئەورووپاش دەژین ، بۆ نمونەئەو بەرپەرچدانەوەی خۆپیشاندانەکانی فەڕەنسا و دەیان ولاتی تری ئەورووپی ئایەبەو مانیەنەی ، بەلام لای ئێەم بەهۆی ئەو مێژووەتاڵەمان و نامۆی جەماوەری کوردستان بەبنەما دەستووری و پرنسیپەکانی کۆمەڵگای مەدەنی وا دەکاتن ئەم کارەساتانەخوێناوی تر ببن